مالیکی و عامری و فیاز جەختدەکەنەوە لە پشتیوانی هێنگاوەکانی حکومەت بە بەهێزکردنی سەروەری

سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی نەبنی هادی عامری، و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فالح فیاز، ئەمڕۆ پێنجشەممە، تەئکیدیان لە پشتیوانی حکومەت کردەوە بە هێنگاوەکانی لە دەسپێکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان و بەهێزکردنی سەروەری نیشتمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریدا کە مالیکی و عامری لە نوسینگەی فیاز کۆکردەوە، پرسەکانی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی و پشتیوانیکردنی ڕەوتی پرسەی سیاسی بەجۆرێك کە خزمەت بەوات و بەرژەوەندییەکانی بکات تاوتوێکران.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لە پاپشتی هێنگاوەکانی حکومەت لە دەسپێکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان و بەهێزکردنی سەروەری نیشتمانی.